# پڕوپاگەندە و ڕێکلام لە مەیدانی سیاسەت و بازاڕدا

**قەرەنی قادری**

وشە، هێز و دەسەڵاتی هەیە. وشە دەکرێنە زانیاری/پەیام (پەیامنێر-پەیام- پەیاموەرگر) و بە ڕێگەی هاوکێشەی مرۆڤی و کەرەسەکانی ڕاگەیاندنەوە دەگاتە دەست هاووڵاتیان؛ هەروەها بە ڕێگەی ڕێکوپێککردنی وشەیشەوە زەین لەقاڵب دەدرێت، ئاڕاستە دەکرێت و لەڕەندە دەدرێت تا تاک بگات بەوەی، کە پڕوپاگەندەکاران مەبەستیانە. هەڵبژاردنی وشە و چەندپاتەکردنەوەی لە پاتنای جڤاکدا بۆ ئەوەیە، "بڕوا" لە زەینی هاووڵاتیدا چێ بکرێت. بە واتایەکی تر دەستکاریکردنی زەینی هاووڵاتی بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، کاکڵی سەرەکیی پڕوپاگەندەیە. ئەو چەشنە پەیوەندییە (پڕوپاگەندە) بەپێی ئەوەی تاکلایەنەیە و مەبەستی داگیرکردنی زەینە، ستوونییە نەک ئاسۆیی.

**"پڕوپاگەندە" (Propaganda)**، "پەیامێکە بۆ گەیاندنی پلانێک بە شێوەیەکی سیستەماتیک." ئامانج تەنیا گەیاندنی پەیام نییە، بەڵکوو کارتێکەرییە. پێش هەموو شتێک، ئەم زاراوەیە بۆ کاروباری سیاسی بەکار دەهێنرێت. ئامانجی پڕوپاگەندە ئەوەیە، کە بە ڕێگەی چەندپاتبوونەوەی بابەتێک کار لەسەر بیرکردنەوە و تێڕوانینی هاووڵاتیان بکات. ئەم کارەیش دەکرێت بەهۆی وتاربێژی، وێنە، وتارنووسی، بینا، جلوبەرگ و سیمبۆلەکانی ترەوە بەڕێوە بچن. لە جیهانی ئەمڕۆدا ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی بۆتە کەرەسەیەکی ئاسایی، بەڵام وەکوو قرژاڵ بە دوو سەر دەڕوات، توانایەکی بەهێزی هەیە و ئەرکی پڕوپاگەندەی، بەتەواوەتی وەستۆ گرتووە. پڕوپاگەندە، "هێزی کۆمەڵایەتیی زمانە"، کە وشەیەک دەتوانێت هەست بزوێنێت و جووڵە چێ بکات. پڕوپاگەندە، بە ڕێگەی کەرەسەکانی ڕاگەیاندنەوە، کەڵک لە هێزی وشە وەردەگرێت

"گرێت جووت" سەبارەت بە واتا و ناوەڕۆکی پڕوپاگەندە دەڵێت: "هەوڵدانێکی بەمەبەست و سیستەماتیکە بۆ دەستکاریکردنی ناسین، دروستکردنی تێگەیشتن و ڕێنوێنیکردن و ئاراستەکردنی ڕەفتاری ئەوانی تر بۆ گەیشتن بە کاردانەوەیەک کە پڕوپاگەندەکەران مەبەستیانە."

فەلسەفەی پڕوپاگەندە ئەوەیە کە بە هەر شێوەیەک بێت بەر بە زەینی چالاک بگرێت، تا خۆ لە قەرەی بیرکردنەوە و داهێنان نەدات. ناوەڕۆکی پڕوپاگەندە (سیاسی - ئایدیۆلۆژیک/ ئایینی) "تاکهێڵی"یە و، هەوڵ دەدات پەیاموەرگر بەرەو ئاقارێکی دیاریکراو ڕێنوێنی بکات، بەڵام کاتێک پڕوپاگەندە دەچێتە قۆناغێکی سەرچڵانەوە، پشوو لە کۆمەڵگە دەبڕێت و هەنگاو بە هەنگاو بوار بۆ عەقڵ و تێڕوانینی عەقڵانی بەرتەسک دەکاتەوە. مەترسیی پڕوپاگەندەیش ڕێک لێرەوەیە، کە سەر هەڵدەدات. پڕوپاگەندە، بە مانای بۆمبارانی زەینی هاووڵاتیانیش دێت.

لە مێژوودا، ئەوە ڕۆمییەکان بوون کە بە ڕێگەی کۆشک و تەلار، هەروەها ئەرتەشێکی پۆشتە لە گلادیاتۆرەکان کە بە کێوێک لە ماسوولکەوە پێشەنگیان بوون، سەرنجی خەڵکی ئاساییان بەرەو دەسەڵاتی "لەبنەنەهاتوو"ی ئیمپراتۆرەکان ڕادەکێشا. لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپادا، کەنیسەکان بەهۆی ئەوەی

خاوەنی سامانێکی فرە و دەستڕۆیشتوو بوون، هەروەها بینای لەڕادەبەدەر زلی کەنیسەکانیان، ئەرکی پڕوپاگەندەیان لە ئەستۆدا بوو.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا مزگەوتەکان و خەلیفەکان بەهۆی ئەوەی کە سامانێکی زۆریان لەبەردەستدا بوو و خاوەنی ئەرتەشێکی بەهێز بوون و، ئایینیش کۆڵەکەیەکی سەرەکیی دەوڵەت بوو، بینای زل و نەخش و نیگاری دیواری مزگەوتەکانیش بەشێک بوون لەو پڕوپاگەندەیە. ئەمانە ئەرکیان ڕاکیشان و داگیرکردنی زەینی هاووڵاتیان بوو. پێداهەڵگوتن، چەمکێکی گرنگە لە پڕوپاگەندەدا.

زیادەڕۆیی، کە ئەویش لە ئاڕاستەیەکی تاکهێڵیدایە، بنەمای پڕوپاگەندەیە و ئەمڕۆ وەکوو دیاردەیەکی ناحەزیش سەیری دەکرێت. کەنیسە، مزگەوت، باڵشەڤیکەکان، نازییەکان و فاشیستەکان، کەڵکیان لەم دیاردەیە وەردەگرت. بۆ برەودانی بەرنامە و فکر، پڕوپاگەندە بەشێکە لە کاری حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان. یەکەمین هەنگاوی پڕوپاگەندە، بواری ناوخۆییە، دوایی دەرەکییە. مێژوو و ڕەوتی پڕوپاگەندەیش پەیوەندیی بە گەشە و هەڵدانی کۆمەڵگە و کەرەسەکانی ڕاگەیاندنەوە هەیە. پڕوپاگەندە، هێزێکی کۆمەڵایەتییە و لە ڕەوتی زەماندا حوکمڕانان بۆ دەستکاریکردنی زەینی ئینسانەکان و بڕواپێهێنانیان، وەکوو چەکێک پەنایان بۆ بردووە. "ئادۆلف هیتلێر" (١٨٨٩-١٩٤٥) لە مەیدانی "پڕوپاگەندە" (چێکردنی ڕای گشتی دژ بە جوولەکان، هەروەها بەرزکردنی ڕەگەزی ئاری و قڕکردنی ئەوانی دیکە)دا زۆر چالاک بوو. "جۆزێف گۆبێلز" (١٨٩٧-١٩٤٥) وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی نازی دەڵێت: تا درۆ گەورەتر بێت خەڵک باشتر بڕوا دەکەن."

لە جڤاکێکدا کە ئاستی "پێکەوەهەڵکردن" و "لێبووردەیی" (تۆلێرانس) نزم بێت یان ئەوەتا کەلتووری دیموکراتیک و لیبراڵی بەهێز نەبێت و حزب و ڕێکخراوەکانی "کۆمەڵی مەدەنی"یش بە پێوەرە دیموکراتییەکان بارگاوی نەکرابن، گرووپی بەهێزی سیاسی و ئایینی بە ڕێگەی پڕوپاگەندەوە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر پێکهاتەکانی تر. لە وەها دۆخێکدا ئەو گرووپەی لە بواری ئایینی "خۆی پێ سەردەستە"، دەبێتە هێرشبەر و، پێکهاتەکانیش دەچنە ناو قاوغی خۆیانەوە و دیواری بەرگری بە دەوری خۆیاندا دەکێشن. بۆ ئەو چەشنە تێڕوانینە، کەرەسەکانی ڕاگەیاندن، ئامرازێک نین بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری، بەڵکوو کەرەسەی "پەروەردەی هاووڵاتیان"ن، ئەویش لە ئاڕاستەی ئایدیۆلۆژیا و هزری چەقبەستووی خۆیان بەکاری دێنن. ڕێک لەبەر ئەوە، ئەو ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانانەی کە بە زەینێکی کراوە و لەسەر بنەمای گەیاندنی زانیاری کار دەکەن، پێویستە زۆر وریا و وشیار بن کە بەشێکی تر لە ڕاگەیاندنەکان هەوڵ دەدەن ئاڕاستەیەکی دیاریکراوی ئایدیۆلۆژییانە بە زەینی مرۆڤەکان بدەن. بۆیە پێویستە ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە ببنەوە و پەرێزی ڕاگەیاندن خاوێن ڕابگرن.

لە ساڵانی ١٦٠٠ تەنانەت ١٧٠٠یش، پاشاکان و دەوڵەمەندەکان چاپەمەنییان بۆ پڕوپاگەندە بەکار دەهێنا، بەڵام لە ساڵانی ١٨٠٠دا گرووپی سیاسی و ئۆپۆزیسیۆنیش بۆ کاری فکری و سیاسیی خۆیان، کەڵکیان لە چاپەمەنی وەردەگرت، بەتایبەتی لە بواری ئایدیۆلۆژیدا.

لە کۆتاییەکانی ١٨٠٠ و سەرەتاکانی ١٩٠٠ بە هاتنەکایەی ڕادیۆ، فیلم و لە دواییشدا تەلەڤزیۆن، بواری پڕوپاگەندە بەرفراوانتر بوو. جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و ململانێ ئایدیۆلۆژییەکان، ماشێنی پڕوپاگەندەی گەلێک بەهێز کرد، بەتایبەتی لە جوگرافیای نەتەوەیی وڵاتاندا. ئاڵمانیا، سۆڤیەت، چین و

هەندێک لە وڵاتە سەرمایەدارییەکان، نموونەن لەم بوارەدا.

**فیلمی پڕوپاگەندەیی**

یەکێک لەو کەرەسانەی کە کارتێکەریی قووڵی هەبووە و هەیەتی، فیلمی پڕوپاگەندەییە. ئەو فیلمانە هەڵگری ڕای سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی هەندێ وڵاتی وەکوو ئاڵمانیا، سۆڤیەت، ئەمریکا و... بوون. بەرژەوەندیی سیاسی، سەربازی و ئایدیۆلۆژیکی، ناواخنی ئەم فیلمانەن. فیلمی هۆلیوودی، بەشێکی پڕوپاگەندەیە بۆ شێوەی ژیانی ئەمریکی. فیلمەکانی "سووپەر مەن"، کە بەرهەمی سینەما و عەقڵی ئەمریکییە، پڕوپاگەندە بۆ "مرۆڤی سپیپێست" و شێوەژیانی ئەمریکی دەکات. لە زۆربەی هەرە زۆری فیلمەکاندا نیشاندانی ئاڵای ئەمریکا بەرچاو دەکەوێت، کە هەڵگری پەیام (پڕوپاگەندە)ی سیاسییە.

**ڕێکلام**

ڕێکلام، بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییە بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و کارتێکردن لەسەر هاووڵاتیان. هێڵی سەرەکیی ڕێکلام، ڕووی لە تاک و بۆ گەشەی بازاڕی ئابوورییە. بە واتایەکی تر، ڕێکلام شێوازێکی کارکردنە بۆ ڕاکیشانی سەرنجی هاووڵاتی (کارتێکەریی خێرا) بۆ لای کاڵایەک، کە لەو کارەدا شمەک یان کاڵا دەبێتە ناوەندی سەرنج و، هاووڵاتییش دەبێتە گرووپی ئامانج.

ڕێکلام بە مانای "هاوارکردن"، "بانگکردن" یان "هاوارکردن بە دەنگی بەرز" بۆ ڕاکێشانی ئینسانەکانە بۆ بینین و کڕینی کەرەسەیەک کە مانا دەدات. بەڵام لەم سەردەمەدا بە ڕێگەی دەنگ، تێکست و وێنە ڕێکلام بەڕێوە دەچێت. قەدیم دەنگ و کەرەسە بوو، کە لە کووچە و کۆڵانەکاندا پێشکەش دەکرا. ئامانجی ڕێکلامیش، ڕاکێشانی سەرنجی هاووڵاتیانە، بەڵام ئێستا کاری ڕێکلام بۆ کەرەسەکانی ڕاگەیاندن گوازراوەتەوە و، بە ڕێگەی ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن، چاپەمەنی، ئینترنێت، مۆبایل، وێستگەی پاس (ئۆتۆبۆس) و... بەڕێوە دەچێت. هەر بۆ وەبیرهێنانەوەیش بێت، تەنانەت چەشنەکانی ڕاگەیاندنیش کارتێکەری جۆراوجۆری لەسەر کەلوپەل و بازاڕدا هەیە؛ ئەگەر لە ڕادیۆدا کە بە دەنگ جاڕ بۆ شمەکێک دەکرا، بەڵام لە تەلەڤزیۆندا جیا لە دەنگ (دەنگی خۆش/ ژنان و پیاوان)، وێنەکەیشی بە باشترین شێوە پیشانی هاووڵاتی دەدرا و دەدرێت؛ کە ئەمەیان پرسی ڕێکلامی بردە قۆناغێکی ترەوە و تەنانەت کاری لەسەر زەینی "نەخوێندەواران"یش دەکرد، چونکە ڕێکلام لەو کەرەسە (تەلەڤزیۆن)دا پشتی بە وێنە (بینین) دەبەست/ دەبەستێت.

**ڕەوتی ڕێکلام**

بۆ بەڕێوەبردنی هەرچی باشتری ڕێکلام، نووسینگە و کارناس (پسپۆڕ) پێویستن. لەم شوێنەدا و بەهۆی ئەم کەسانەوە، کاروباری ڕێکلام ڕێک دەخرێت. پەیام، گرووپێکی پەیامەوەرگر و کەرەسەی گەیاندن، سێ خاڵی سەرەکین کە ڕێکلام پشتی پێ دەبەستێت.

ناوەڕۆکی ڕێکلام دەبێ لەسەر ئەم بنەمایانە بێت: وردی، یاسایی، شەرافەتمەندانە و بێڕێزیی تێدا نەبێت. لە بواری ڕاگەیاندندا، هەندێک ڕادیۆ و ڕۆژنامە هەن کە بە ڕێگەی ڕێکلامەوە دەژین و، خۆیان دەژێنن.

- ڕۆڵی کڕیار لە بڕەودان بە بازاڕی کەلوپەل و ڕێکلام، لەم سەردەمەدا جێی بایەخە. ڕێکلام کار لەسەر

شێوەی ژیانی هاووڵاتیانیش دەکات؛ بۆ نموونە: لە ڕێگەی بەرنامەی تایبەتیی تەلەڤزیۆن بۆ ڕێکوپێککردنی کەرەسەکانی ناوماڵ.

ـ پانتۆڵی جین (کابۆ)؛ هەر کەسەی بە گوێرەی حەزی خۆی لایەنگری لە چەشنە مۆدێلێکی ئەم پانتۆڵە دەکات. لەبەر ئەوە ئەم حەز و ئاواتانە بەسەر گرووپدا دابەش دەبن.

ـ لە کاری ڕێکلامدا ئەم گرووپە کە دەوری سەرەکی دەگێڕن، بە ناوی گرووپی ئامانج باسی لێوە دەکرێت. بوونی "پسپۆر" لەم بوارەدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت. یەکێک لە کارەکانیان ئەوەیە دەبێ بزانن، کە گرووپێکی دیاریکراو چیی دەوێت. **"کات"** و **"دراو" (پارە)** دوو کەرەسەی سەرەکین بۆ بوونی کۆمپانیاکانی ڕێکلام.

کۆمپانیاکانی ڕێکلام بە شێوازی جۆراوجۆر کار لەسەر زەینی گرووپی ئامانج دەکەن. **هەندێک** لە ئاساییترین شێوەکانی ڕێکلام بریتین لە:

 **چەندپاتکردنەوەی ڕێکلام** لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا بۆ داگیرکردنی زەینی گرووپی ئامانج.

**مێتۆدی بابانوێلی:** کڕینی دوو کەلوپەل و وەرگرتنی جانتایەک بەخۆڕایی.

**مێتۆدی خەبەری (هەواڵی):** "کەلوپەلی نوێ"؛ "دێتە بازاڕەوە"؛ "ئەمەیان باشترینیانە"...!

**ئێمە دڵکراوە و سەخین:** "بەشێک لە قازانجی کەرەسە فرۆشراوەکە، دەدرێتە ڕێکخراوێکی خێرخوازی."

**مێتۆدی کێبڕکێ:** بە بوونی کەلوپەلێکی نوێ ڕادەگەیەنرێت: "ئێمە باشترین!"

**مێتۆدی کەسایەتیی ناسراو:** بۆ ناساندن و ڕێکلامکردن بۆ کەلوپەلێک، کەڵک لە کەسایەتییەکی ناسراو وەردەگرن.

**مێتۆدی کەسە جوانەکان:** بۆ ناساندن و چەسپاندنی کەرەسەیەک لە زەینی تاکدا، کەڵک لە ژنان و پیاوانی جوان و کەشخە وەردەگیرێت.

**مێتۆدی دەنگخۆشان:** بۆ سەرنج و ڕاکێشانی زیاتر، کەڵک لە ژنان و پیاوانی دەنگخۆش وەردەگیرێت.

**مێتۆدی پسپۆران و کارناسان:** بۆ ناساندنی کەلوپەلێک کەڵک لەو کارناسانە وەردەگرن، کە خۆیان لەم بوارانەدا شارەزان.

**دوو بە یەک:** "دوو پێڵاو بکڕە، پارەی یەکێکیان بدە!"

هەندێک لە کارناسانی کاروباری ڕاگەیاندن، جیاوازییەکی قووڵ لە نێوان پڕوپاگەندە و ڕێکلامدا بەدی دەکەن. ئەوان لەسەر ئەو بڕوایەن کە پڕوپاگەندە پەیوەندیی بە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیاوە هەیە، بەڵام ڕێکلام پەیوەندیی بە کەرەسەکان (جلوبەرگ، بۆن، کرێم، شامپۆ، سابوون، ترومبێل، چێکردنی بینا و...)ەوە هەیە. ڕێکلام بە جۆرێك لە جۆرەکان خزمی پڕوپاگەندەیە، بەڵام سنوورێکی دیاریکراویشیان لە نێواندا هەیە؛ بۆیە دەبێ ئاگادار بن کە ئەو دوو چەمکە تێکەڵ بە یەک نەکرێن یان جێگۆڕکێی ماناییان پێ نەکرێت!

**سەرچاوەکان:**


https://iranwire.com/

https://iranwire.com/fa/

https://iranwire.com/fa/special-features/